# داهاتووی دەسەڵاتی سیاسی کورد لە باشووری کوردستان

# و

# ئاسۆی پەیوەندی ئەو دەسەڵاتە بە کۆمەڵگاوە...!

**(بەشی یەکەم)**

**دارا مەحمود**

لێدوان لە داهاتووی نزیک یان دووری دەسەڵاتی سیاسی کورد لە باشووری کوردستان، هەڵسەنگاندنێکی هەمەلایەنەو زانستیانەی ئەمڕۆیی ئەم دەسەڵاتە دەخوازێت. پێشموایە بۆ وەها هەڵسەنگاندنێک، پێویستە پێناسەیەکی ئەم دەسەڵاتە و خەسڵەتەکانیمان دەستنیشان کردبێ. و لەبەر ئەمەش کە سیاسەت لە دیدی کۆمەڵناسییەوە دەرئەنجامی پەیوەندی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگایە، پێویستە جۆرەکانی ئەم پەیوەندییەو ڕەهەندەکانی دەستنیشان بکەین.

پەیوەندی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگا بە پێی ئەزموونی مرۆڤایەتی و کاریگەرییەکانی هەلومەرج و دوو فاکتەری قۆناغ و شوێن، و بەرژەوەندی چین و گروپ، و پێگە کۆمەلایەتییەکان... جۆراو جۆری و فرە ڕەهەندی بەخۆیەوە دەگرێت. بۆ پتر ڕوونکردنەوەی ئەم خاڵە پێویستە گوزەرێکی کورت و خێرا بە جۆرەکانی کۆمەڵگا سیاسییەکاندا 1 بکەین:

1- کۆمەڵگای سیاسی فرە لایەن: ئەو کۆمەڵگایەیە کە لە وێدا کۆمەڵگای مەدەنی و دامودەزگا جۆریەجۆرەکان بەهێزو خاوەن توانان و خەڵکانی خاوەن خواست و بەرژەوەندی و ئارەزووی هاوبەش لە گروپ و ڕیکخراوو یەکیەتی جۆریەجۆردا خڕبەکاتەوەو ڕێکیان دەخات. و لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا، دەوڵەت ڕاستەو ڕاست لەهەوڵی خڕکردنەوەی جەماوەر لە دەوری خۆی، بە جۆرێک کە سیاسەت جەماوەری بکرێت نییە. زۆربەی هەرەزۆری جارەکان وەعدەو بەڵێنەکانی دەسەڵات بۆ جەماوەر لە ئاستێکی گونجاوو شیاوی جێبەجێکردندان.

هەروا لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا بواری گواستنەوەی دەسەڵات لە بەشێکی کۆمەڵگای مەدەنییەوە بۆ بەشێکی تر لە ئارادایە. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا پەیوەندی دەوڵەت بەهەموو بەشەکانی کۆمەڵگای مەدەنییەوە وەک یەک نییە. و بە واتایەکی تر بەشێکی کۆمەڵگای مەدەنی لەپەیوەندی خۆیدا لە گەڵ دەوڵەت خاوەنی پێگەیەکی ستراتیژیک و چارەنووسسازترە. ئەمەش وەک پێگەی چینی سەرمایەدار لە کۆمەڵگا لیبرال و دیموکراتەکاندا.

2- کۆمەڵگای سیاسی داخراوی نەریتی: لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا پەیوەندی دەوڵەت و کۆمەڵگا لە ئاستی هەرە لاوازو نزمی خۆیدایە. و لەوێدا هێشتا کۆمەڵگای مەدەنی فۆرمی تەواوی خۆی نەگرتووەو لە حاڵەتی دەڵەمەدایە. لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا سیستەمی ئۆلیگارشی 2 نەریتی و دیکتاتۆری سەرکوتکەر حوکمفەرمایە. و دەوڵەت لەوێدا مەشروعییەتی خۆی لە نێوەندە نەریتی و مەزهەبییەکانەوە وەردەگرێت.

لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا بەحوکمی ئەوەی کۆمەڵگای مەدەنی خاوەن هێزێکی وانییە مەترسی بۆ دەسەڵات درووست بکات. دەسەڵاتیش پێویستییەک لە سەرکوتکردنیدا نابینێت. و سەرئەنجام کۆمەڵگا بە دوور لە قەیرانی سیاسی گەورەیە. و لە لایەکی تریشەوە سیاسەت لە چوارچێوەی بازنەی چالاکی تاک دایەو خاوەن ڕەهەندی چالاکی کۆمەلایەتی نییە. نموونەی ئەم جۆرە کۆمەڵگایانە: عەرەبستانی سعودی، ئوردون، میسر...

3- کۆمەڵگای سیاسی نیوەنەریتی ناجەماوەریی: لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا کۆمەڵگای مەدەنی لە قۆناغەکانی سەرەتای درووستبووندایەو خۆی لە دووتوێی گۆڕانکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکاندا دەبینێتەوە. بەڵام هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو قۆناغەی مەترسی لەسەر ڕێگای دەسەڵاتدا درووست بکات. هەرلەبەر ئەمە دەسەڵاتیش بەشێوەیەکی کاتی ڕووبەڕووبوونەوەو سەرکوتکردن وەلادەنێ. بەڵام هەردوولا لە حاڵەتی ئیحتیات و دڵەڕاوکێدا بەسەردەبەن. ئەم حاڵەتە بەر لە قۆناغەکانی درووستبوونی شۆڕش و ڕاپەڕینی خەڵکدا سەرهەڵدەدات. نموونەی ئەم جۆرە کۆمەڵگایانەش وەک: وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات و ئاسیای ناوەڕاست.

4-کۆمەڵگای سیاسی داخراوی جەماوەری: لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا کۆمەڵگای مەدەنی بەرفراوان و تا ڕادەیەک خاوەن هێزەو لە توانایدایە مەترسی بخاتە ڕێگای سەقامگیربوونی سیاسی. لە بەرانبەردا دەوڵەتیش بێ ئەوەی لە توانایدابێت کۆمەڵگای مەدەنی لەناوبەرێت، هەوڵ دەدات لە ڕێگای خڕکردنەوەی جەماوەر لە دەوری خۆی پێش لە کاریگەرییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بگرێت.

لە کۆمەڵناسی سیاسیدا ئەم جۆرە کۆمەڵگایانە بە پۆپۆلیزم3 populism ناودەبرێت. و دەوڵەت یان دەسەڵاتی سیاسی بۆ شاردنەوەی نامەشروعییەتبوونی خۆی پەنا بۆ هێزی جەماوەر دەبات. و شانازیش بەهەبوونی جەماوەر لەدەوری خۆی دەکات. بەڵام لە واقیعدا نیشانەی لاوازبوونیی لەبەرانبەر کۆمەڵگای مەدەنیدایە. لە ئاکامیشدا ئەو ئەگەرە لە ئارادایە کە دەسەڵات بەهۆی خڕبوونەوەی جەماوەر لە دەوری خۆی، لەخۆی بایی بێت و لە ڕێگای بەکارهێنانی هێزی جەماوەرەوە دامودەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنی تێک بشکێنێ. ئەوکاتەش کۆمەڵگا دەگوازرێتەوە شێوازێکی تر لە کۆمەڵگای سیاسی..بەڵام ئەو ئەگەرەش هەیە کە کۆمەڵگای مەدەنیش بە ڕۆڵی خۆی پەنا بۆ خڕکردنەوەی جەماوەر لەدەوری خۆی ببات و ڕەنگە لە هەندێک ڕووشەوە ئاسانتر لە دەسەڵات ئەم کارەی بۆ ئەنجام بدرێت. چونکە دەتوانێت وەعدەو بەڵێنێکی زۆر بە جەماوەر بدات و کەسیش لەو قۆناغەدا چاوەڕێی جێبەجێکردنیانی نەبێت. خۆ ئەگەر لەم حاڵەتانەدا ئۆپۆزسیۆن ڕێبەرایەتییەکی باش و ئایدیۆلۆژیاو خاوەن هێزێکی ئۆرگانیزەکراو بێت، دەتوانێت دەسەڵات بروخێنێت. نموونەی ئەم جۆرە کۆمەڵگایانە پتر لە ئەمەریکای لاتین دەبینرێن کە کێشەو ململانێی دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی بەردەوام شۆڕشی پێچەوانەو کودەتای عەسکەریی و قەیرانی سیاسی قوڵی لێ دەکەوێتەوە.

5- کۆمەڵگای سیاسی سەرکوتکەری ناجەماوەریی: لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا دەوڵەت بەتەواوی بەسەر کۆمەڵگای مەدەنیدا زاڵ بووەو سەرکوتی کردووە. لەوێدا ئیتر پێویست بەخڕکردنەوەی جەماوەر نییەو دەسەڵات لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا خاوەنی ئایدیۆلۆژیایەک نییە. هەروا تەواوی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان لەناوبراون و یانیش کەمڕۆڵ کراون. و خۆئەگەر لەبەر هەر فاکتەرو هۆیەک کۆمەڵگای مەدەنی لەتوانایدابوو هەناسەیەکی بەبەردا بێتەوە. ئەوە لەهەر هەل و دەرفەتێکدا دووبارە لە لایەن دەسەڵاتەوە سەرکوت دەکرێتەوە. نموونەی ئەم جۆرە کۆمەڵگایانە: کۆمەڵگا موحافەزەکارە نادیموکراسیەکان و دەوڵەتە نیزامییە نەریتییەکان. بۆ نموونە ئێرانی بەر لە شۆڕشی ئیسلامی. لە حاڵی ئەمڕۆیشدا تا ڕادەیەک دەتوانین نمونەی وڵاتانی وەک پاکستان، یەمەن، مۆریتانیا...ببەین.

6- کۆمەڵگای سیاسی سەرکوتکەری جەماوەری: لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا دەوڵەت، کۆمەڵگای مەدەنی و هەر جۆرە بەرهەڵستکارییەک سەرکوت دەکات و لەبەرانبەردا هێزی جەماوەر لەدەوری خۆی خڕدەکاتەوە. دەسەڵات لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا پەنا بۆ ئایدیۆلۆژیا دەبات و لە پێناو سەرخستنی ئایدیۆلۆژیاکەی و پاراستنی دەسەڵاتەکەی، پەنا بۆهەرکارێکی توندوتیژی و سەرکوتکردن و لەناوبردن دەبات و نمونەی ئەم جۆرە

کۆمەڵگایانە: سیستەمە فاشیستەکانی نێوان دوو جەنگی جیهانی و نموونەیەکی هەرە نزیکتریش ڕژێمە ڕووخاوەکەی سەدام حوسێنە.

ئەگەر لەم دابەشکردنەی سەرەوەدا بۆ پێگەی کۆمەڵگای سیاسی کورد لە باشووری کوردستان بگەڕێین، دەبینین لە نێوان جۆری دووەم و سێیەمدا، واتاکۆمەڵگای سیاسی داخراوی نەریتی و داخراوی جەماوەرییدا خۆی دەبینێتەوە. لەم کۆمەڵگایەدا دەسەڵاتی کوردی دەسەڵاتێکی نەریتیە. لەسەر ئاستی پەیوەندییەکانی خۆی بە کۆمەڵگاوە، شێوازەکانی ڕێکخستن و چالاکی جەماوەریی، مامەڵەکردن لەگەڵ یاساو پەیڕەوکردنی دەسەڵات... شێوازێکی نەگۆڕی بەخۆیەوە گرتووەو تا ئاستێکی زۆر هەروەک ڕابردوو خۆی دەنوێنێت و ئاڵوگۆڕی دیموکراسیانە قبوڵ ناکات.

سەرەڕای ئاشکرایی ئەم خەسڵەتە لە پراکتیکدا، لەسەر ئاستی تیۆری و گوتاریشدا شانازی بەم نەریتی بوونەوە دەکرێت و وەک ئیمتیازێک لێکدەدرێتەوە. لە بەرانبەر ئەم دەسەڵاتە نەریتییەدا کۆمەڵگایەکی گوێڕایەڵ هەیە. مەبەستیش لەچەمکی گوێڕایەڵی لێرەدا ئەمەیە کە کۆمەڵگای مەدەنی لە قۆناغەکانی هەرە سەرەتایی خۆی دایەو پایەکانی وەها کۆمەڵگایەک هێشتا دانەمەزراون. بەمجۆرە لە بەرانبەر دەسەڵاتدا نە بەرهەڵستکارێکی کاراو چالاک و نەکۆمەڵگایەکی مەدەنی هەبوونیان هەیە.

هەروا لە کۆمەڵگای سیاسی کوردا ڕۆڵی جەماوەر کە لە لایەن دەسەڵاتەوە بەکاردەهێنرێت، خەسڵەتی جەماوەریی بەم کۆمەڵگایە بەخشیوە. دەسەڵاتی سیاسی کورد، وەک هەر دەسەڵاتێکی جەماوەریی کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد شانازی بەم خەسڵەتەوە دەکات و وەک خاڵی بەهێزی خۆی لێکی دەداتەوە. بەڵام ئەگەر ئێمە سەیری نەخشەی سیاسی جیهان بکەین، هەرگیز یەک تاکە وڵاتیش نابینینەوە کە لە ناو سیستەمە دیموکراتەکاندا جێگای بووبێتەوەو خۆی بەوە هەڵبکێشێت کە بە فیکەیەک جەماوەر دەهێنێتە سەرجادەو هەڕەشەی پێ لە بەرهەڵستکاران و کۆمەڵگای مەدەنی بکات. هۆیەکەشی زۆر سادەیە: لە کۆمەڵگایەکی مۆدێرن و دیموکراتدا خەڵک و کۆمەڵگا، ئامانجی سەرەکین و تەواوی شتەکانی تر بە خودی دەسەڵات و دەوڵەتیشەوە ئامرازی بەجێگەیاندنی ئەو ئامانجەن. لەحاڵێکدا لەکۆمەڵگایەکی نەریتی داخراوو نادیموکراتدا جەماوەر یەکێک لەو ئامرازانەیە کە دەسەڵاتی پێ دەپارێزرێت و لەوێدا دەسەڵات و پاراستنی ئەو دەسەڵاتە ئامانجی سەرەکین، نەک کۆمەڵگا.

بێگومان دەسەڵاتی سیاسی کورد دەخوازێت شێوازی پەیوەندییەکان و پەیڕەوکردنی دەسەڵات هەر بەم شێوازە بمێنێتەوە. بەڵام ئەو ئەگەرەش لەئاسۆوە بەدی دەکرێت کە کۆمەڵگای مەدەنی لە ئەنجامی گۆڕانی بارودۆخ و کاریگەرییە ناوەکی و دەرەکییەکانەوە بەرەو مەین و لەسەرڕێ ڕاوەستان بڕوات و شێوازێکی چاوەدێری و کۆنترۆڵ لەسەر دەسەڵات بێتە ئاراوە. کە لەوێشدا دوو ئەگەری تر لە بەردەمدا دەبن:

یەکەم/ دەسەڵات بە شێوازێکی نێگەتیڤانە مامەڵە لەگەڵ واقیعێکی نوێی وەهادا بکات و لە پێناو هێشتنەوەی دەسەڵات بە شێوازە نەریتییەکەی، پەنا بۆ سەرکوتکردن ببات. ئەوکاتەش کۆمەڵگای سیاسی کورد دەگۆڕێت بۆ شێوازی شەشەم، واتا سەرکوتکەری جەماوەریی کە لەوێدا دەسەڵات، سیاسەتی سەرکوتکردن پەیڕەو دەکات و دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری دێتە ئاراوە. و بەبڕوای من لەبەر ڕۆشنایی خەسڵەتەکانی ئەم دەسەڵاتەی ئەمڕۆیی و بەو پێکهاتەو ساختەی کە هەیەتی بەداخەوە ئەم ئەگەرەیان پتر خۆی دەسەپێنێت.

دووەم/ لەحاڵەتی هەبوونی کۆمەڵە فاکتەرو کاریگەرییەکی چاوەڕواننەکراوەوە، ئەو ئەگەرە ڕەتناکرێتەوە کە ڕەنگە دەسەڵات مل بدات بۆ گۆڕانکاری و ریفۆرمی ریشەیی، و ئەو بوارە برەخسێنێت کە کۆمەڵگای مەدەنی لەسەر پێێ خۆی ڕاوەستێت و شێوازێکی نوێی پەیوەندی لە نێوان دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵگای مەدەنیدا دروست بێت و پایەکانی دەسەڵات لە نێوەندێکی تەسکەوە بەسەر نێوەندێکی فراوانترەوە دابەش بکرێت. ئەو کاتە مۆنۆپۆلکردنی دەسەڵات لە لایەن بنەماڵەو خێڵ و پارت و کۆمەڵێک کەسایەتییەوە کۆتایی پێ بێت و پەیوەندی دیموکراسیانە بێتە ئاراوە.

بەش بە حاڵی خۆم من لە دەسەڵاتی کوردی ڕانابینم کە لە داهاتوویەکی نزیک و مامناوەندیشدا ئامادەیی وەها گۆڕانکارییەکی تێدا بێت و پێموایە لە پێناو هێشتنەوەی دەسەڵات بەم شێوازەی هەیە، بنەماکانی دیموکراسی پشتگوێ دەخات و لەمەش بەلاوە لە بەرانبەر هەرمەترسییەکدا پەنا بۆ هەر کارێک، لە گرتن و کوشتن و ڕاوەدوونان دەبات. و بەمجۆرە ئازادی، دیموکراسی، مافەکانی مرۆڤ...لەسەر ئاستی پەراوێزێکی تەسک سنووردار دەبن. و هەر ئەم ئاستە سنووردارەشە کە وەک دەستکەوتی مەزن و کۆتایی بە منەتێکی زۆرەوە بە کۆمەڵگا دەفرۆشرێتەوە.

## - ماویەتی-

**پەراوێزەکان:**

1- بۆ پتر زانیاریی دەربارەی کۆمەڵگا سیاسییەکان بۆ نموونە بڕوانە:دکتر حسین بشیریە. جامعە شناسی سیاسی- نقش نیروهای اجتماعی در زندگی سیاسی- نشر نی. چاپ ششم 1379-تهران.

2- ئۆلیگارشی oligarchy یان حکومەتی گروپێکی بچوک. لەم ڕووەوە سان د. سپیتز دەڵێت: کە هەر حکومەتێک لە نوخبەیەکی بچوک پێکدێت. و ئەوەی حکومەتێکی دیموکرات لە سەرکوتکەر جیادەکاتەوە ئەمە نیە، بەڵکو بەرپرسیارێتیە. ئەوەی کە ئایا دەسەڵاتی ڕێبەرایەتی مایەی پەسەندی ئازادانەی خەڵکە یان نا. بەڵام لە هەموو حاڵەکاندا ئەم چەمکە بە گشتی لە جیهانی سیاسەتدا وەک توانج و ڕەخنە لە دەسەڵاتێک دەگیرێت کە لە گروپێکی بچوک پێکهاتبێت، گەندەڵ بێت و نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی خەڵکی نەکات.

بۆ زۆرتر زانیاری بۆ نموونە بڕوانە: جولیوس گولد ، ویلیام ل.کولب — فرهنگ علوم اجتماعی — ویراستار: محمد جواد زاهدی مازندرانی. انتشارات مازیار تهران- 1376

3- پۆپۆلیزم: لەهەمان واژەی populace واتا جەماوەر یان خەڵک وەرگیراوە. کەوەک چەمکێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەکاردێت. و مەبەستیش لەم چەمکە گێڕانەوەی هەر شت بۆ خەڵک و جەماوەر. و بەلای پەیڕەوانی ئەم ڕێبازەوە، خەڵک لەسەروی یاساو پرێنسیپ و نۆرم و ئەخلاقەوەیە. ڕیشەی بیری پۆپۆلیزم سەرەتا لە ناو ڕۆشنبیرانی ڕوس لە دەیەکانی 1860 سەری هەڵدا. ئەم بیرە لەهەر کۆمەڵگایەکدا شێوازو فۆرمی تایبەتی خۆی هەیە. ئیتر لەهەندێک شوێن وەک بزووتنەوەی فاشست و نەژاد پەرەست، لەهەندێک شوێنی تریش ئازادیخوازو لەیەکێکی تریش چەپی نوێ.. خۆی دەردەخات.. بەڵام ئەم چەمکە بە شێوازە گشتییەکەی بە واتای خەڵک هەڵخەڵەتاندن دێت.

بۆ زۆتر زانیاری بۆ نموونە بڕوانە: داریوش آشوری دانشنامە سیاسی. انتشارات مروارید. چاپ پنجم 1378-تهران ل299-300